## دەریای عێراق و کەشتیی کوردی

-ڕۆژنامە-



## طه ن زیلات

ئامەبازاڕی

ئیفادێك بۆ ئێران
کیلۆیەك کلکە مەڕ
سەهمێك لەسەر حەجەکە
تەندەرێکی مسۆگەر
جوتێك گوڵنکەی ئەسپ
چەقەڵێکی ئەندەنووسی
پژمینێك لە مەگاڕ
ماچێکی ناودەم لە سودان
گومرگانەی لۆرییەك سیغار
چوار مریشکی 2009
جەرەسێکی مۆبایل لە ئیجتیماعا
دوو دێر عەریزە لە مرور
پێستەیەکی بزن
کچێکی رووسی 18 ساڵ
چاککردنەوەی بەلوعەی ماڵێك لە هەولێر
کرینەوەی کادیرێکی ئەولا
عەرەبانەیەکی کلاسیکی
فنجانێك قاوە لە سەهۆڵەکە
معامەلەیەکی تایبەت
زیاد کردنی تیراژی موجەلەیەك
5 کیلۆ شەکری بایەعی
رێز لێنانێك لە بنەماڵەی شەهیدێك

دەعوەتێك لە دیلمان
5000ی تەبع
72 دەفتەر
براکەم بۆ بخەنە لیژنەی هینەوە
6 هەزار لەم تازانە
3 بریندار
لوتت بە برین چێ
100 جەلدە
21 ملیۆنی خزمەتکار
2010 عەلەشیشێکی
خێسەیەکی جەنابی مودیر
4000 دینار (سێهەزار و نۆصەی خێرە )
2000 لەم پارە قۆرە
25000 دۆلار
ماسیەکی مەسگوف
4 ملیۆن (تکایە ویر نیە)
للعرض فقط
500 دیناری بریمەر
تۆ وەرە دوایی رێك ئەکەوین
موقابەلەی لەشفرۆشێك
ئەیخۆی تالە

100 دۆلار بۆ کارمەندێکی دەزگاکە بە دەستخۆشانە

## بە ئیجازەی گۆرانیبێژان

زەوق سز

بالەخانەی چەم، چەتری لە باتی
سەرت سفر کەیت ئەڵێن فەنتانی
+++
زوڵفە زەردەکەت مەیکە وە پەلکە
قەت تەواو نابێ بۆڵەی ئەو خەڵکە
+++
بالاکەت بەرزە بەقەد ئەو بی یە
هەرچی بۆ بکەین هەر نارازییە
+++
خاڵخاسم بینی خەو ئەیبردەوە
دیسان کای کۆنیان بەبا کردەوە
+++
شایی یە دەگەڕێ لە کەلە کاوی
حەیران نازانێ و کەوتۆتە ناوی
+++
ماڵمان ماڵ ئاوسێ، چێغمان دوو لایی
تەندوورەکەی برد بە کەڵەگایی
+++
گەنم گوڵی گرت، جۆ دووبایەوە
شەڕە مەقالە هەر نەبڕایەوە
+++
سەد تووڵم لێدەن جێگەی بناوسێ
قەت شانسم نیە لەگەڵ دراوسێ
+++
ئەو چاوە رەشەی خوا بەتۆی داوە
بۆن خوێنی لێ دێ وەزعی ئەم ناوە
+++
دوگمەو دۆلابی باتی سوخمەی مۆر
کردیانە وەزیر دوای زەغطێکی زۆر
+++
شل شل بەکوتن بە ئەبانەوە
ئەڵێن ئەو شەعبە پیش ئەخواتەوە
+++
بەقوربانت بم شاڵ گرێ گرێ
مەلبەند مەبەرە ناو خانووی کرێ
+++
شێتان شێت ئەبن ئەچنە میری سوور
لە دوو جەژنە بوون ئەهالی مەخموور